کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 26-2-2007 21:16

# ئێمەی ژنان دژ بە نووسینی سەر ئەو لافیتەیە دەڵێین، !!!! ڕێنوار ئەحمەد

دەنگی ژنانی ئازادی خواز



ئێمەی دەنگی ژنانی ئازادی خواز هیچ کاتێک ئەوەمان قبووڵ نیە لە ژێر ناوی ڕزگاری ژنان لەو مەینەتیەی بەسەریاندا سەپاوە، باس لە مەینەتەکانی ژنان بکەن بەڵام لافیتەیەک مانیڤێستەکەیان ئەوە بێت، کە نووسراوە (توندو تیژی دژ بە ئافرەتان پشتگیری لێ کردنە بە مافەکانی مرۆڤ) .
دەک ئافەرین بۆ خۆتان و کۆنگرەکەتان ئێوەن بەرگری کەر لە ژنان لە هۆڵەکانی پەرلەمان و یانەی ژناندا بە لەچکەی سەرتان و بە جلە شۆڕەکانتانەوە و بە هێنانی ناوی خودا و کردنەوەی کۆنگرەکەتان بە سوورەتێکی قورئان، پاشان هەریەکە لە لای خۆیەوە پلاتفۆرمی ڕیفۆرم دەخاتە سەر مێز.
ئەوانەی کە لەژێر جۆرە دروشمێکی وەهادا کۆ دەبنەوە بە مانای ووشە تا سەر ئێسقان دژ بە ژنانن وە دژ بەوانەشن کە پەیامی ڕزگاری ژنانیان هەڵگرتووە، ئایا چۆن و بە چ میتۆدێکەوە ژنان لە کۆبوونەوەیەکی واو درک بەوە ناکەن کە لێدان و کوشتن خزمەت بە مافی مرۆڤ دەکات، سەیرە و زۆریش سەیرە کێ هەستاوە بە نوسینی ئەم لافیتەیە؟
کۆنگرەی پێگەیاندنی ژنی سەرکردە لە ژێر ئەم لافیتەیەدا دەتوانێت ژنێکی ڕابەری مەدەنیەت پەروەردە بکات یان ژنێکی سەرلەشکری دژ بە ژنان؟ من پێم وایە بەمەدەنی کردنی یاساکان و بە گۆڕینی دەستوور و یاسایەک بۆ دەوڵەت دەتوانێت زامن کەری ئەو مافە بێت کە ژنانی ئازادی خواز بە دوایەوەن.

تێبینی
بۆ بینینی ئەو لافیتەیە سەیری ئەم لینکە بکە
http://kurdistannet.info/2007/2-2007/26-2/ba.pdf

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.